

# وزەی خۆر

**پ.ی.د. محمد عزیز سعید/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سەلا حه دین - هەولێر - کوردستان**

وزەی خۆر بریتیە لە بڕی ئەو وزەیەی کە لە خۆرەوە دەردەچێت و بە هەموو لایەکی بۆشاییدا بلاّو دەبێتەوە. لەمەش بڕێکی زۆرکەمی دەگاتە نزیك یان سەر ڕووی زەوی. وزەی خۆر سەرچاوەی ژیانە و ئەگەر وزەی خۆر نەبوایە ئەوا هیچ جۆرە ژیانێك لەسەر زەوی نەدەبوو.

خۆر ئەستێرەیەکی قەبارە مام ناوەندیە و نزیکەی پێنج هەزارملیۆن ساڵ لەمەوبەر دروست بووە و وا پێش بین دەکرێ کە ئەوەندەی تر بژی و بمێنێ.خۆر لە سێ چینی سەرەکی پێك هاتووە. چینی یەکەم پێ ی دەوترێ فۆتۆسفێر و چینی دووەم کرۆمۆسفێر و چینی سێ هەم پیّ ی دەوترێ خەرمانە واتا کۆڕۆنا.

ئەو وزەیەی لە خۆرەوە دەردەچێ لە ئەنجامی کارلێکردنی یەکگرتنی ناوکی ( تفاعل الاندماج النووی) دروست دەبێ واتا چوار ئەتۆمی هایدرۆجین یەك دەگرێ و گەردێکی هیلیۆم دروست دەکات و ئەم وزە زۆرە لە خۆر دێتە دەرەوە. تێکڕایی دووری خۆر لە زەویەوە سەدو پەنجا ملیون کلیۆمەترە بەمەش دەوترێ یەکەی گەردوونی .نیوەتیرەکەی حەوت سەد هەزار کیلۆمەترە و تێکڕایی هێزی کێش کردنی بیست و هەشت ئەوەندەی هێزی کێش کردنی زەویە.تیکڕایی پلەی گەرمی سەر ڕووی خۆر نزیکەی شەش هەزار پلەکی کلڤن و تیکڕایی پلەی گەرمی ناوەوەی خۆر پازدە ملیۆن پلەکە.ڕەنگی زەردە و خۆر بە بیست و پێنج ڕۆژ یەك خولگە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

پێك هاتەکەی لەسەدا نەوەتی هایدرۆجینە و لە سەدا دەی هیلیۆمە.وزەی خۆر بە یەکەی وات هەژمار دەکرێ و هەر یەك وات بریتیە لە یەك جول / چرکە . وزەی خۆر سەدان ملیون واتە و ئەم بڕە وزەیە کە بەرەو زەوی دێت کەم دەبێتەوە بە پێ ی یاسای دووجای پێچەوانە و کە دەگاتە نزیك زەوەی لە دەرەوەی هەوا دەبێتە هەزار و سێ سەدو شەست و حەوت وات لەسەر مەترە دووجا و ئەم بڕە وزەیە پێ ی دەوترێ نەگۆڕی وزەی خۆر . تیشکی خۆر بریتیە لە فۆتۆنات و لە بۆشاییدا بە خێراییەکی نەگۆر دەڕوات کە یەکسانە بە سێ سەد هەزار کیلۆمەتر / چرکە

**تیشکی خور لە ناو هەوا و لەسەر ڕووی زەوی:** هەروەکو باسمان کرد بڕی تیشکی خۆر لەدەرەوەی هەوا نەگۆڕە و یەکسانە بە 1367 وات /م$^2$ وە پێ ی دەوترێ نەگۆڕی خۆر.بەلاّم ئەم بڕە تیشکە کە دێتە ناو هەوا گەلێ گۆڕانی بە سەر دا دێت . تیشکی خۆر لەسەر ڕووی زەوی کەمترە لە بڕی تیشکی خۆر لە دەرەوەی هەوا( بۆچی؟)

لە بەر بەرزو نزمی خۆر لە ڕۆژێك دا و دورو ونزیکی زەوی لە خۆرەوە بڕی تیشکی خۆر لە کاتێکە وە بۆکاتێکی تر وە لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر وە لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر دەگۆڕێ

**بەرهەم هینانی کارەبا لە وزەی خور:** کۆی وزەی خۆر لەسەر کوردستان لە دەرەوەی هەوا لە ساڵێکدا نزیکەی نەوەت و هەشت کیلو وات ساعەیە لەسەر یەك مەترە دووجا.ئەم وزەیەش کە دێتە ناو هەوا و تادەگاتە سەر ڕووی زەوی گەلێ گۆڕانکاری بەسەردا ڕوودەدات و دەبنە هۆی کەم بوونەوەی و کۆی گشتی ئەم وزەیە لەسەر ڕووی زەوی لە کوردستان نزیکەی شەست و پێنج کیلو وات ساعەیە لەسەر یەك مەترە دووجا لە ساڵێکدا.بەپێ ی ئەنجامەکانی ئەو دیراسات و توێژینەوانەی لەسەر وزە تازە بووەکان لە کوردستان خۆمان ئەنجامامان داوە دەردەکەوێ کە وزەی خۆر وەکو وزەیەکی سروشتی زۆر کەلکی هەیە و دەکرێ کەلکی لێ وەربگیرێ لە گەلێ بواردا.گرنگترین بوار بریتیە لە وەدەست هێنانی وزەی کارەبا بۆ ئیش پێ کردنی ئامێرە کارەباییەکان جگە لە گلۆپی ڕووناك کردنەوە.

کارەبا لە وزەی خۆر دەردەهێنرێ لە ڕێگای بەکار هێنانی شانەکانی خۆر.شانەیەکی خۆر ڕووبەرەکەی یەك مەترە دووجابێت دەتوانێ پێنج ئەمپێر دی سی و بیست فۆلّت دی سی واتا سەد وات لەسەر مەترە دووجایەك وەدەست بهێنی . ئەگەر بۆماوەی دە کات ژمێر لە ڕۆژێکدا کار بکات ئەنجامەکەی یەك کیلۆوات ساعە دەبێت لە ڕۆژێکدا ئەم بڕە وزەیەش توانای گەرمکردنی هەشتا لیتر ئاو لەناو گەرم کەرەکاندا هەیە. بە بەکار هێنانی دوو لەم شانانە دەتوانرێ ماتۆڕی سەر بیرەکان بەتایبەتی ئەوبیرانەی قوڵیان لە سی مەتر کەمترە ئیش پێ بکات و ئاوی پێویست بۆ زەوی و زاری جوتیاران بەتایبەتی لە دەشتی هەولێر بە ڕۆژ دابین دەکات.

کۆی وزەی خۆر لەوەرزی زستان لەسەر ڕووی زەوی لە کوردستان نزیکەی هەشت کیلۆ وات ساعە لەسەر یەك مەترە دووجایە .ئەم بڕە وزەیە لە ڕووی زانستیەوە زۆر گونجاوە  بۆ گەرم کردنی ناو ماڵەکان بە گەرم کردنی ئاو لە ڕێگای شانەکانی خۆر و خولانەوەی ئەم ئاوە بە بۆڕی و شانەی تیشك دەرەوە  بەناو ماڵەکان دا .هەروەها بۆ پێگەیاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی لەناو خانوە پلاستیکەکان(خانووە شووشەکان) .تاقیکرنەوە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەلماندی کە ئەمە زۆر بەسوودە و داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین کە سوود وەربگرێ لەم سەرچاوە وزە سروشتیە بە دابین کردنی خانووی شووشە بۆ هەموو براجووتیارەکان لە هەموو ناوچە دەشتاییەکانی کوردستان و هێنانی ماتۆڕی ئاو هەڵکێشانی گونجاو کە بە شانەکانی خۆر کاردەکەن و ئەمانەش هەمووی خزمەتی بەرەو پێش بردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان دەکات و شێوازی مۆدێرن و شارستانیە لە بواری کشتوکاڵدا و ژینگە پاراستنە.




